


## سازگارنەبی
راهێنەری لەشجوانی ئافرەتان لە قەزای رانیە:

# ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان بۆ گرینگیدان بە تەندروستی و رێکیی جەستەیان روو لە هۆڵەکانی لەشجوانی دەکەن

قەزای رانیەی دەڤەری راپەرین یەکێکە لەو قەزایانەی کوردستانە کە لە یارییە تاکەکاندا شوێنی پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە، کە توانیویانە شوێن پەنجەیان لە وەرزشی کوردستان دیار بێت، یاریی لەشجوانی و هێزی لەش و لەشرێکی، یەکێك لەو یارییانەی کە بۆ ئافرەتان هێشتا لە شارەکانی کوردستان رۆڵی تەواوی خۆی نەگێراوە، بەڵام هۆڵ و یانەکانی کوردستان بۆ داهاتووی ئەم یارییە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا و بەهرەمەندن. سازگارنەبی پاڵەوانی کوردستان و راهێنەری هۆڵی لەشجوانیی (ئینیرجی فتنس جیمم) لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شارۆچکەی رانیەیە و دەرچووی پەیمانگەی وەرزشییە، ماوەی حەوت ساڵە راهێنەرە و خاوەنی چەندین بڕوانامەی وەرزشییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو ئەم وەرزشەت هەڵبژارد؟**

-وەرزشێکی خۆش و تەندرووستە و یەکێکە لە ئاواتەکانی منداڵیم، کە زۆر حەزم لە وەرزشکردنە بە گشتی.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-نەخێر، مرۆڤ کە خولیا و ئاواتی بۆ بوارێك هەبێت، ئاسانە.

*** بۆچی لە کوردستان لە ئاستی کچان بە شێوەیەکی باش پێشوازی لێ نەکراوە؟**

- لە چاو ساڵانی پێشتر باشترە، ئێستا کچان زیاتر پێشوازی لەم یارییە دەکەن، کاتێکیش بەپێی پێویست بەشداری نەکەن، من هۆکاری بۆ خێزان و کۆمەڵگە دەگەڕێنمەوە، چونکە ڕێگا بە کچان نادەن بێنە ناو هۆڵە وەرزشییەکان.

***ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-بە شێوەیەکی گشتی وەرزش لە کوردستان بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، لە بەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان بۆ گرینگیدان بە تەندرووستی و ڕێکیی جەستەیان، روو لە هۆڵەکانی لەشجوانی دەکەن.

*** بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

-گەربمانەوێ کەسی دیکە بێتە ناو ئەم یارییە، پێویستە ستایلێکی ئەکادیمی بە وەرزشەکەوە دیار بێت، تاکو حەزی وەرزش لای ئەوانی دیکە درووست ببێت.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتووت چییە؟**

-هەرچەندە لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بە کچانی وەرزشکار نادرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پاڵەوانێتییەك هەبێت دەتوانم بەشداری بکەم، دەمەوێ لە داهاتوو ببمە باشترین یاریزان، هیوادارم بەس گرینگی بە یەك پاڵەوانێتی نەدرێت، بەڵکو هەموو جۆرە پاڵەوانێتییەك بکرێتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی ئافرەتان بەشداریی تێدا بکەن.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

-گرفتی وەرزش زۆرە، بە وشەیەك و دوو وشە باس ناکرێت.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەون و ئاواتم ئەوەیە ئەم وەرزشە بەرەوپێشببەم و لای گەنجان و لاوان خۆشەویستی بکەم، تا بزانن بۆ تەندرووستییان چەند گرینگە و، بێنە ناو یارییەکە، سوپاس بۆ خودای گەورە لە رووی پێگەیاندنەوە خەونم هاتۆتە دی و زۆرترین پاڵەوانم پێگەیاندوە.

***خانەوادەکەت بۆ وەرزشکردن تا چەند هاوکاریت دەکەن؟**

- سوپاس بۆ خودا خانەوادەکەم هەرلە منداڵییەوە پاڵپشتی سەرەکیی من بوون، ئەگەر خێزانەکەم نەبا، نەدەگەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستام، بەتایبەت برای خۆشەویستم ئەو بە دنیای وەرزشی شادکردم، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵم بووە و دەستی گرتووم، خۆشی یەکێکە لە باشترین راهێنەرەکانی رانیە، هیوادارم هەموو خێزانەکان وەکو خێزانی من بن و پشتیوانی کچەکانیان بن، تا لەو بوارەی حەزییان لێیە کاربکەن.

***هەوڵت نەداوە تیپێکی کچان درووست بکەی؟**

-من ئێستا لە شارۆچکەی رانیە سەرقاڵی تیپی کچانی فێرگەی ئالام، کە تیپێکی وەرزشییە بۆ وەرزشە جۆراوجۆرەکان، بەنیازم لە داهاتوودا تیپێکی کچانی بەرزکردنەوەی قورسایی درووست بکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی وەرزشکاران، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هاوکارییان کردووم، سوپاس بۆ هەردوو راهێنەری خۆشەویست مامۆستا محەممەد و مامۆستا مەممەند کە هەمیشە بۆ بەرەوپێشچونم پشتیوانم بوون، هیوادارم گرنگیی زیاتر بەم وەرزشە بدرێت.



FIFA WORLD CUP Qatar2022

# قەتەر دروشمی جامی جیهانی (٢٠٢٢)ی ئاشکرا کرد

**هەفتەی رابردوو فیفا لەگەڵ قەتەر دروشمی يارييەكانی مۆنديالی ٢٠٢٢ـی قەتەريان راگەياند. كاتژمێر ٢٢:٢٠ خولەک، کە ئەم کاتە ئاماژەیە بۆ ساڵی بەڕێوەچوونی مۆندیالی قەتەر فیفا دروشمی مۆندیالی ٢٠٢٢ـی راگەیاند.**

**راگەیاندنی ئەم دروشمە جگە لە قەتەر، لە (٢٤) وڵاتی دیکەش لە ڕێگەی شاشەی گەورەوە نیشاندرا، لەو وڵاتانەش چەند وڵاتێکی عەرەبیشی تێدایە لەوانە عێراق، کوێت، عومان، لوبنان، ئوردن، تونس، جەزائیر، مەغریب، فەلەستین، لیبیا و سودان.**

**بیرۆکەی دروشمەکە لە شاڵ وەرگیراوە، کە لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بەکاردێت و وەکو ڕەمزێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی**

**شیکردنەوەی دروشمەکە بەمشێوەیە:**

- بەشی سەرەوەی دروشمەکە باس لە نەرمی شاڵ دەکات لە شێوەی جولانەوە.
- نوقتە، کە لە نێو دروشمەکە هەیە لە خوارەوە و سەرەوەی پیتی عەرەبی بەکاردێت، کە ئاماژەیە بە دەوڵەمەندی نووسینی عەرەبی.
- تۆپی پێی، کە بەشێوەیەکی ئەندازیاری دروستکراوە ئاماژە بە رۆشنبیری عەرەبی دەکات.
- دروشمەکە بەشێوەیەکی ئەندازیاری شێوەی جامی جیهانی وەرگرتووە.
- شێوەی تەواونەبوون و ژمارە هەشت، کە لە دروشمەکە بەروونی دیارە، ژمارە هەشت ئاماژەیە بۆ ژمارەی یاریگا نوێیەکان، کە میوانداری جامی جیهانی دەکات و شێوەی تەواونەبوون ئاماژەیە، کە جامی جیهانی ٢٠٢٢ تا کۆتایی هەر لە قەتەر ئەنجام دەدرێت و هەروەها ئاماژەیە بۆ پەیوەندی بەهێزی خەڵك، کە لە کاتی بەڕێوەچوونی جامی جیهانی دروست دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت.
- دروشمەکە بەشێوەی (3D) دروستکراوە، کە ئاماژەیە بە شێوەی خاك و تۆپی پێی لەگەڵ یەکتری.
- شێوەکاری، کە لە نێو دروشمەکە هەیە ئاماژەیە بۆ شێوەکاری نێو شاڵ، کە قەتەر پێ دەناسرێت و هەروەها ئەم شێوەکاریە هونەرێکی عەرەبی ڕەسەنە بۆ ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا دەگرێتەوە.
- هەروەها لە کاتی نووسینی بە ئینگلیزی جامی جیهانی قەتەر ٢٠٢٢ شێوەی جوانی نووسینی عەرەبی بەکارهاتووە، کە پێی دەڵێین (الکشیدة و پیتی (Q) بەشێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش نووسراوە.

**یاریگاکانی جامی جیهانی**

ئەم پاڵەوانێتیە دەبێتە یەکەم پاڵەوانێتی، کە جەماوەر پێویستی بە گەشتی فڕۆکە نییە لە شارێك بۆ شارێکی تر، بەڵکو زۆربەی یاریگاکان جگە لە یەك یاریگە نەبێت تەنیا ٦٠کم لە یەك دوورە، واتە هاندەر دەتوانێت لە یەك ڕۆژدا ئامادەی زیاتر لە یارییەك ببێت.

ئەم پاڵەوانێتیە لە هەشت شار و ١٢ یاریگا ئەنجام دەدرێت، کە هەشت یاریگا بەمەبەستی مێوانداریکردنی جامی جیهانی دروستکراوە و چوار یاریگاش نۆژنکرایتەوە و هەروەها یاریگاکان سیستەمی ساردکرنەوەی هەیە، بۆ ئەوەی هاندەر و یاریزانان لە بەرزی پلەی گەرما لە قەتەر پارێزراو بێت، کە بەجۆرێك پلەی گەرما لە (٢٧) پلە زیاتر نەبێت و هەروەها دۆستی ژینگەیە، کە هیچ گازی کاربون بەکار ناهێندرێت.

دوای تەواوبوونی یارییەکانی مۆندیال (١٧٠) هەزار کورسی لە نۆ یاریگا لێدەکرێتەوە و دەدرێتە وڵاتە هەژارەکان وەکو هاوکاری قەتەر بۆ ئەم وڵاتانە بۆ چاککردنی ژێرخانی وەرزشی و چاوەڕوان دەکرێت بەم پارچانە (٢٢) یاریگا لە وڵاتە هەژارەکان دروست بکرێت.

**یاریگاکان بەمشێوەیە:**



















## یاریگەی لۆسێل

ئەم یاریگایە لە شاری (زەعاین) دروست دەکرێت و بەشێکە لە پلانی پێشخستنی شارەکە، ئەم یاریگایە یەکێکە لە گرنگترین یاریگاکان، چونکە یاری کردنەوە و کۆتایی مۆندیالی ٢٠٢٢ی تێدا ئەنجام دەدرێت و شوێنی (٨٦٢٥٠) هاندەر دەبێتەوە و سیستمی ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو تێدا بەکارهاتووە و هەروەها ئامادەبووان دەتوانن لە ڕێگەی میترۆی خێرا بچنە نێو یاریگا دوای جامی جیهانی ئەم یاریگایە بچووك دەکرێتەوە و شوێنی (٢٠٠٠٠) هاندەر دەبێتەوە.




## یاریگەی خۆر

ئەم یاریگایە لە شاری خۆر دروستکراوە و شوێنی (٤٥٣٣٠) هاندەر دەبێتەوە و دوای جامی جیهانی شوێنی (٢٥٠٠٠) هاندەر دەبێتەوە.



## یاریگەی ریان

ئەم یاریگایەی لە شاری ریانە، کە لە ساڵی (٢٠٠٣) دروستکراوە و ئێستا نۆژەندەکرێتەوە تا شوێنی (٤٤٧٤٠) هاندەر ببێتەوە ئەم یاریگایە بەشێوەیەك دروستکراوە، کە چوار دەوری شاشەیە ئەوەی لە دەرەوەی یاریگا بێت دەتوانێت یارییەکە لە ڕێگە ئەم شاشەیە سەیر بکات و هەروەها لە ڕۆژانی ئاسایی گشت هەواڵەکان و گۆڵ و ڕاپۆرتەکان لە ڕێگەی ئەم شاشەیە نمایش دەکرێت دوای جامی جیهانی شوێنی (٢١٢٨٢) هاندەر دەبێتەوە.




## یاریگەی مینا دوحە

ئەم یاریگایە لە دوورگەیەکی دووروستکراوی جوان لە شاری دوحە دروستکراوە ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم یاریگایە شوێنی (٤٤٩٥٠) هاندەر دەبێتە بەشێوەیەك دروستکراوە، کە دوای جامی جیهانی گشت کورسییەکانی یاریگا بە ئاسانی لێدەکرێتەوە و دەبەخشرێتەوە وڵاتە هەژارەکان و هەروەها هاندەر دەتوانێت لە ڕێگەی تاکسی ئاو یاخود بەلەم بگاتە یاریگە، کە نۆ شوێنی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لەسەر لێواری یاریگایەکە دروستکراوە.



## یاریگەی شمال

ئەم یاریگایە لە شاری شمال دروستکراوە و شوێنی (٤٥١٢٠) هاندەر دەبێتەوە.



## یاریگەی شاری فێرکاری

ئەم یاریگەیە لە شاری ریانە و لە نێو زانکۆ گەورەکان، کە لەسەر ئاستی جیهان ناو و ناوبانگیان هەیە لە سەنتەری قەتەری نێودەوڵەتی دروستکراوە، کە بەناوی شاری فێرکاری ناسراوە.

ئەم یاریگەیە شوێنی (٤٥٣٥٠) هاندەر دەبێتەوە و هاندەران دەتوانن لە قەتەر بەئاسانی لە ڕێگەی میترۆی دۆحە بچنە یاریگا و هەروەها خەڵکی وڵاتی بەحرێن دەتوانن تەنیا بە (٥١) خولەك بگەنە یاریگا، دوای جامی جیهانی ئەم یاریگایە دەکرێتە شوێنی (٢٥٠٠٠) هاندەر و تایبەت دەبێت بەچالاکییەکانی وەرزشی کۆلێژەکان.



### یاریگەی وەکرە

ئەم یاریگایە لە شاری وەکرە دروستکراوە و شوێنی (٤٥١٢٠) هاندەر دەبێتەوە و دوای جامی جیهانی بچووك دەکرێتەوە تەنیا شوێنی (٢٥٥٠٠) هاندەر دەبێتەوە.



### یاریگەی شاری وەزشی

ئەم یاریگایە لە شێوەی خێمە دروستکراوە.
ئەم یاریگایە شوێنی (٤٧٥٦٠) هاندەر دەبێتەوە و دەبێتە یەکەم یاریگە بۆ چالاکییە جیاجیاکان جگە لە وەرزش بەکاردێت.



### یاریگەی غەرافە

ئەم یاریگایە لە شاری رەیان دروستکراووە و ئێستا نۆژەندەکرێتەوە و شوێنی (٤٤٧٤٠) هاندەر دەبێتەوە. دوای جامی جیهانی ژمارەی کورسییەکان کەم دەکرێتەوە دەبێتە شوێنکردنەوەی (٢١١٧٥) هاندەر.



### یاریگەی ئوم صلال

ئەم یاریگەیە لە شاری ئوم صلال دروستدەکرێت و شوێنی (٤٥١٢٠) هاندەر دەبێتەوە و دوای جامی جیهانی ئەم یاریگەی بچووك دەکرێتەوە و شوێنی (٢٥٥٠٠) هاندەر دەبێتەوە.



### یاریگەی زانکۆی قەتەر

ئەم یاریگایە لە خاکی زانکۆی قەتەر دروستدەکرێت و شوێنی (٤٣٥٢٠) هاندەر دەبێتەوە و دوای جامی جیهانی ئەم یاریگەیە زانکۆی قەتەر بۆ چالاکییەکانی خۆی بەکار دەهێنێت و بچووك دەکرێتەوە و شوێنی (٢٣٥٠٠) هاندەر دەبێتەوە.



### یاریگەی نێودەوڵەتی خەلیفە

ئەم یاریگایە لە ساڵی (١٩٧٦) دروستکراوە پاشان لە ساڵی (٢٠٠٥) نۆژەنکرایەوە ئەمجارەش نۆژەندەکرێتەوە بۆ ئەوەی شوێنی (٤٠٠٠٠) هاندەر ببێتەوە، لە تەنیشت ئەم یاریگایە ناوچەی ئیسپایر و نەخۆشخانەی پزیشکی وەرزشی (ئەسپیتار) هەیە و بەشێکی تری ژێرخانی وەرزشی جۆراوجۆری تێدایە.



# یەکێتیی شەترەنجی کوردستان، شەترەنجزانانی کۆکردەوە

لەژێر چاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی شەترەنجی هەولێر و یانەی شەترەنجی خانزاد، یەکێتیی شەترەنجی کوردستان لە شاری هەولێر پاڵەوانێتیی لاوانی کوردستانی بۆساڵی ٢٠١٩ ئەنجامدا. لەم پاڵەوانێتییەدا کە ٩٤ یاریزانی کوڕ و کچ لە تەمەنە جیاوازەکانی خوار تەمەنی ٢٠ ساڵی بەشدارییان تێدا کردبوو، لە حەوت گەڕدا بۆ ماوەی ٤ رۆژ رکابەرێتییەکی بەهێز هەبوو، یاریزانان بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەش کرابوون، کۆمەڵەی یەکەم لە ژێر تەمەنی ٢٠ ساڵ بوو کە لە ٤١ یاریزان پێکهاتبوون و کۆمەڵەی دووەم یاریزانانی خوار تەمەن ١٢ ساڵ بوون، کە ژمارەیان ٥٣ یاریزان بوو، شایانی ئاماژەیە ئەم پاڵەوانێتییە لە رێگای یەکێتیی شەترەنجی عێراقەوە لە یەکێتیی شەترەنجی جیهانی تۆمارکراوە و ژمارەیەك لە ناوبژیوانی نێودەوڵەتیی کورد سەرپەرشتییان دەکرد و بەڕێوەیان دەبرد. لە کۆتایدا خەڵات بەسەر سێ کوڕ و سێ کچی براوەی تەمەنەکانی هەوریەکە لەژێر ( ٢٠، ١٨، ١٦، ١٤، ١٢، ١٠، ٨، ٦ ) ساڵدا دابەش کرا، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەبووو

کوڕانی ٢٠ساڵ: ئەحمەد جەزا، شکار حەمید، رێباز ناسر. کچانی ٢٠ ساڵ : یار بەیاد، شەنگ مەسعود، لەنیا سەڵاح. کوڕانی١٨ ساڵ: ئالان ئومێد، عەلی فەرهاد، یوسف فەرهاد. کچانی ١٨ساڵ نەبوو. کوڕانی ١٦ ساڵ: ئاکار ئومێد، عەبدوڵا حەسەن، ئوسامە رائید. کچانی١٦ ساڵ: گەڵا محەمەد، پەروا پشتیوان، داستان ئارپاك. کوڕانی ١٤ ساڵ: پۆڵا ئازاد، داریان ئارپاك، رەوا فەخرەدین. کچانی ١٤ ساڵ: بیریان سیامەند، بێگەرد دلشاد، نڤار سەردار. کوڕانی١٢ ساڵ: یەشار دیدار، رێزدار فەرمان، رەوەند فەید. کچانی ١٢ ساڵ: بەهرە سەمیر، رۆزیا فەخرەدین، رۆز سەمیر. کوڕانی١٠ ساڵ: عەبدوڵا عەممار، شادی فواد، یەحیا دڵشاد. کچانی ١٠ ساڵ: پەری پشتیوان، لەنیا سوارە، لاریا سەمیر. کوڕانی ٨ ساڵ: ئاریکار ئومێد، ئەیمەن عیماد، لاوین محەمەد. کچانی ٨ ساڵ: هێلین هێمن، سیلڤا محەمەد سادق، راز خەبات. کوڕانی٦ ساڵ: عەلی دڵشاد، ئەدیل نەبیل، پێشەوا پشتیوان. کچانی٦ ساڵ: سیدرا سۆران، دیدەن ئارپاك، راز رەوەند.

# مانگی داهاتوو وەرزی نوێ خولەکانی کوردستان دەست پێ دەکات

یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لە هوتێل کوارتزی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی نوێنەری یانەکانی کوردستان تیروپشکی خولەکانی نایاب و پلە یەك و لاوان و فوتساڵی کچانی بۆ وەرزی نوێ راکێشرا. هەر لە کۆبوونەوەش لەگەڵ نوێنەری یانە بەشداربووەکان بۆ وەرزی نوێ، وادەی دەستپێکی خولەکان دیاری کرا، لە خولی نایابی کورستان بە بەشداریی ١٣ یانە لە رۆژی ١٠/١٧یارییەکانی بەڕێوەدەچێت، رۆژێك دواتر خولی لاوانی نایابی کوردستان بەڕێوەدەچێت، ئەمساڵ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان لە ١١/٢٠ بە بەشداری ١٤ یانەی شارەکانی کوردستان دەست پێ دەکات، لە مانگی ١٢ی ئەمساڵیش خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بە بەشداریی هەشت یانە بەڕێوەدەچێت، دەستپێکی خولەکە لە ١٢/٦ دەبێت، ئەمساڵیش ئەوەی جێگای نیگەرانیی وەرزشکاران بوو، بەشدار نەبوونی یانەی ئارارات بوو بەهۆی گرفتی دارایی، کە هەفتەیەك بەر لە ئەنجامدانی تیروپشکی خولەکە بەرپرسانی یانەکە بەهۆی گرفتی داراییەوە بڕیاری بەشداری نەکردنیان دا لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، هەریەك لە یانەکانی سۆران و سیروانی نوێش بۆ ئەم وەرزە میوانی تازە دەبن لە خولەکە، یانەکانی کوردستانیش کەوتونەتە خۆیان بۆ دەستپێکی خولەکە و ئامادەکارییەکانیان چڕ کردۆتەوە، گرێبەستی زۆریان لەگەڵ یاریزانانی ئەستێرە کردووە بۆ ئەوەی ئەم وەرزەش بتوانن لەسەر ئەنجامی شایستە کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری بکەن، وەرزی رابردووش یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ دووەمجار لە مێژووی یانەکە بووە پاڵەوان و نەورۆزیش پلەی دووەمی بەدەستهێنا، بۆیە ئەمساڵیش چاوەکان لەسەر یانە بەشداربووەکانە، ئاخۆ دەتوانن چی پێشکەشی وەرزشکارانی کوردستان و هاندەرانیان بکەن.



**خشتەی هەفتەی یەکەمی خولەکەش بەمشێوەی خوارەوەیە.**

هەولێر-پێشمەرگەی سلێمانی
پێشمەرگەی هەولێر-شێروانە
سیروانی نوێ-زێرەڤانی
سۆران-نەورۆز
هەندرێن —برایەتی
دەربەندیخان-دهۆك
زاخۆش چاوەڕوانە



# چەندین یانە شەڕی بەدەستهێنانی ئیڤان خالیدیان دەکرد

ئیڤان خالید یاریزانی پێشووی تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر، ئەمساڵ لە خولی نایابی کوردستان یاریی بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر کرد و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و لەگەڵ یانەکەش نازناوی خولی نایابی کوردستانی بەدەستهێنا، لەگەڵ نزیک بوونەوەی خولەکانی کوردستان و عێراق، یانەکانی کوردستان کەوتوونەتە خۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن گرێبەست لەگەڵ یاریزانی بە ئەزموون بکەن، یانەی دهۆك ئەمساڵ لە ئێستاوە خۆی ئامادەکردوە و بۆ هەردوو خولی عێراق و نایابی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزان کردوە، ئیڤان خالید کوڕی شاری هەولێر بەفەرمی بووە یاریزانی یانەی دهۆك، لە بارەی چوونی بۆ یانەی دهۆکیش ئیڤان خالید بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ چەندین یانە هەبوون کە داوای گرێبەستیان لێ کردم، بەڵام ئەوان جێی هیوای من نەبوون و لە رووی داراییەوە بارودۆخیان خراپ بوو، زۆربەشیان لە خولی نایابی عێراقی و هەندێکیش لە خولی نایابی کوردستان بوون، بەڵام من دهۆکم هەڵبژارد، کە ئەویش یانەی دایکە و ساڵانێك لە خولی نایابی عێراق بووە و لە ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەش کێبرکێی کردوە، لە هەموو روویەکەوە دهۆکم هەڵبژارد، بۆمن لە هەمووی باشتربوو، جگە لەوەش لە هەردوو خولی پلە یەکی عێراق و نایابی کوردستان یارییان بۆ دەکەم، بۆ ماوەی یەك ساڵ گرێبەستم کردوە و دەمەوێ لە ئایندە بە هەمووومان خزمەتی ئەو یانەیە بکەین»، گوتیشی: «هەریەك لە یانەکانی حدود و سەناعات کارەبایی و تەڵەبە و کارەبا داوایان کردووم، هەریەك لە یانەی نەورۆز و چەند یانەیەکی دیکەیش هەبوون، ئەوەی لە توانام بێت خزمەتی یانەی دهۆك دەکەم.

